Unione Patriottica del Kurdistan
Italia

Patriotic Union of Kurdistan
Italy

یەکێتیی نیشتمانیی کوردستان
کۆمیتەی ڕێکخستنی ئیتالیا

الاتحاد الوطنی الكوردستانی
ایطالیا

2007/06/24
ئیتالیا

## پیرۆزبایی بە بۆنەی لە سێدارەدانی چەند کەسێکی سەرەکی لە ئەنجامدەرانی تاوانی ئەنفال

بەبۆنەی دەرچوونی بڕیاری دادگا بە سەر عەلی حەسەن مەجید کیمیایی و چەند کەسێک لە داروودەستەکەی، پیرۆزبایی ئاراستەی کەس و کاری ئەنفال کراوان و گەلی کوردستان دەکەین. لە پاڵ ئەوەی دڵمان خۆشە کە چەند کەسێک لە ئەنجامدەرانی شالاوەکانی ئەنفال بە سزای خۆیان گەیشتن، داواکارین لە دادگایی باڵا سەرجەم بەشدابووانی ئۆلۆکاوستۆی کوردی بەلکێشی دادگا بکرێن و ئەوانیش بە سزای خۆیان بگەن.

ئەگەر چی کۆمەڵەی نێودەوڵەتی و جیهان وەک جەستەیەکی بێگیان لە ئاست ڕوودانی ئەم کارەساتە مرۆییە کاردانەوەیەکیان نەبوو، کە زیاتر لە سەد و هەشتا و دوو هەزار کوردی مەدەنی بە منداڵ و ژن و پیاو بوونە قوربانی لە پرۆسەی ئەنفالدا. داواکارین کە حکومەتی عێراقی و کۆمەڵەی نێودەوڵەتی ئەم تاوانە بێ وێنەیە کە چۆن دادگا سەلماندی و بە ڕەسمی لە جیهان دا بناسێنن و ڕۆژی یادکرنەوەی بۆ دیاری بکەن، تاکو ڕۆژانی ڕەشی لەم شێوەیە لە مێژووی مرۆڤایەتی دووبارە نەبێتەوە و ببێتە وانەیەکیش بۆ نەوەکانی داهاتوو.

پێویستە لەسەر حکومەتی کوردستان و عێراق و ڕێکخراوە مەدەنیەکانی جیهان مەینەتیەکانی کەس و کاری ئەنفال کراوەکان لە ڕووی مەعنەوی و ماددیەوە لەبەر چاو بگرن و هەوڵبدەن بە هەموو شێوەیەک قەرەبوویان بکەنەوە، کە بە دەیان ساڵ لە چاوەڕوانی هاتنەوەی کەس و کاریان سەرەڕایی خەم و خەفەت، لە هەژاری و نەداریدا بە چاوی فرمێسک و جلی ڕەشەوە ناڵاندویانە.

بۆ جیهانێکی دادپەروەر و کۆمەڵگایەکی مەدەنی

کۆمیتەی ڕێکخستنی ئیتالیا

E mail: pukitalia@puknet.it & pukitalia@libero.it  web: www.puknet.it